# له دژی کوشتنی ژنان

# و

# کاولکاری ژینگه

## تێبکۆشین

کاتێک قەیرانەکانی ژینگە

زەنگی کارەساتیان لێدا



KJAR

کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی کژار


www.kjar.online.com

@kjar_2014

@kjaar2014

kjardiplomasi@gmail.com

kjarOnline

kjar_2014_official




# ناوەرۆک

پێشەکی.............................٤
گرفتی ئاو و بەنداوەکان.............................٦
دارستانەکان ژێرخانی هاوسەنگی ئێکۆسیستەمن.............................٩
ژن و ژینگە هەردوکیان کراون بە ئامانج.............................١٤

راپۆرتێکی شیکاری و توێژینەوە لە سەر کاولکاریەکانی ژینگە لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان

## پێشەکی

ژینگە سوودێکی زۆر بە مرۆڤەکان دەبەخشێت. هەر لە هەوایەک کە هەناسەی لێ وەردەگرین، ئاوێک کە دەیخۆینەوە، ئەو گیا و ئاژەڵانەی کە مرۆڤ بۆ بەردەوامی ژیان دەیانخوات هەتا ئەو کەژ و کێو و ڕووبارانە کە ژیانی ڕۆژانەمانی تێدا بەسەر دەبەین. «بە گشتی ژینگە ئاسایشمان دابین دەکات و هەموو پێویستیەکمان بێ‌بەرامبەر بۆ دابین دەکات» ئایا ئەم پێناسەیە بەس بۆ ژینگە دروستە یا ئەوەی کەسێکی تریشمان بیر دەهێنێتەوە؟ هەر وەک چۆن گەردوون سەرچاوەی ژیان و ئافراندنە و هەموومان لە ئامێزی دا دەحاوێنێتەوە و بێ بەرامبەر چی پێویستی هەبێت بۆمان دابین دەکات، هەر بەم شێوە دایکیش سەرچاوەی ژیان و ئافراندنە و هەموو پێویستیەک بۆ منداڵەکانی بە بێ ئەوەی هیچ چاوەڕوانیەکی هەبێت دابین دەکات و هەموو کاتێک ئامادەی خۆ فیدا کردنە بۆ ڕۆڵەکانی. ئەمانە هەمووی سەلمێنەری یەک بوونی ژن و گەردوونە. سەلمێنەری پەیوەندی بەهێزی نێوان ژن و سروشتە. سەلمێنەری ئەوەیە کە ژن و ژینگە دووانەیەکی لە یەک دانەبڕاون. هەمو مرۆڤەکان لە جەوهەری خۆیان دا هەست بە پەیوەندیەک لە نێوان خۆیان و سروشت دەکەن بەڵام لە ڕاستیدا بە هۆی ئافرێنەری ژنان ئەم پەیوەندیە زۆر بەهێزترە. بەتایبەتی منداڵان لە سروشتی خۆیان دا زۆر تێکەڵاوی ژینگەن. لێکۆڵینەوەکان نیشان دەدات کە چۆن پەیوەندی بەردەوامی منداڵان لەگەڵ سروشت دەبێتە هۆی گەشەی تەندروستی کۆرپەکان، پاراستنی تەندروستی لەش و دەروونیان و هەروەها توانای خۆپاراستنیان لە کاتی ڕوو بەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسیەکان تێدا زیاد دەکات. تەنانەت ژێرخانی پەروەردەی ڕەسمی و پێشکەوتنیان لە خوێندن دایە. بۆ منداڵان و گەوران بە شێوازێکی یەکسان، پەیوەندی ڕۆژانە لەگەڵ سروشت دەبێتە هۆی تەندروستی باشتر، دڵەڕاوکێی کەمتر، ڕەوشی باشتر و تەنانەت کەم کردنی کێش وهەروەها لیستێکی درێژ لە تایبەتمەندیەکان کە هیچ دەرمانێک ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە.

ژینگە بە جۆرێکە کە ئەگەر بە هۆی ڕەفتاری هەندێک گروپەوە کە لە ناو کۆمەڵگا دەرکەوتوون و لە میانەی پاوانی قازانج – سەرمایەوە خۆیان لە سەرووی کۆمەڵگا ڕێکخستووە، دابڕانی جددی لە ئەڵقەکانی ژینگە ڕوو بدات، ئەوا زنجیرەی کارەساتە سروشتیەکان، کۆمەڵگاشی لە ناودا، لەوانەیە تەواوی ژینگە ڕووبەڕووی قیامەت بکاتەوە. پێویستە لەبیری نەکەین کە ئەڵقەکانی ژینگە لە میانەی گەشە و پەرەسەندنێکی ملیۆنان ساڵیەوە پێکهاتوون. بە گشتی وێرانکاریەکانی پێنج هەزار ساڵەی ئەم دواییە، بە تایبەتیش هی ئەم دووسەد ساڵەی دوایی، لەم ماوە زەمەنییە کورتە دا بە هەزاران ئەڵقەی پەرەسەندنی ملیۆنان ساڵیان پچڕاندووە. کۆمەڵگای ژنانی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – کژار ئەم جارە هەستاوە بە کەمپەینێک بە دروشمی « لە دژی کوشتنی ژنان و کاولکاری ژینگە، تێبکۆشین» . ئێمەش وەک کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی کژار هەوڵمان دا لەم نامیلکەیە دا ئامارێک لە کاولکاریەکانی ژینگە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها هۆکارەکانی لەناو چونی ژینگە لەم هەرێمانە بخەینە ڕوو. چونکە هەر وەک دەزانرێت سیستەمی

دەسەڵاتداری ئێران هەرگیز خۆی ئامارێکی ڕاستەقینە لە کردەوەکانی خۆی کە بووەتە هۆی لەناوبردنی ژینگە پێشکەش ناکات، وە بە هۆی ئەوەی ڕاگەیاندنێکی ئازادیش لەم سیستەمە دا نیە قەت ئیجازە نادات کەسی تریش پێشکەشیان بکات.

ئایا بە پێی پیویست لە ژینگە کەڵک وەردەگرین؟

ئەمە زۆر ئاسانە کە وا بیر بکەینەوە سروشت هەمیشە هەیە و خۆی تازە دەکاتەوە. بەڵام لە ڕۆژی ئەمڕۆمان دا زۆرێک لە ئاژەڵەکان و کانیاوەکان و تەنانەت ئاو و هەواش ئەوەندە کەم بوونەتەوە کە بەرەو نەمان دەچن. لەبەرچاو نەگرتنی لە ناوچوونی ژینگەکەمان لەو کاتەدا کە سەرقاڵی ژیانی ڕۆژانەی خۆمانین، لەناوچوونی ژینگە خێراتر و ئاسانتر دەکات. مرۆڤ لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و پێشکەوتنی خێرای تەکنۆلۆژیا و هەروەها بێ ڕەچاو کردنی کاردانەوەی نەرێنی ئەم پێشکەوتنانە لە سەر سروشت و ژینگە و هەموو زیندەوەران، تەواوی ئێکۆسیستەمی شێواند و هاوسەنگی لە ناو سروشت دا تێکداوە. لە ئەنجامی ئاکارەکانی مرۆڤ دا گۆڕانێکی نائاسایی لە هەوا دا پێکهات، دارستانەکان سووتان، بەستەڵەکەکان توانەوە و لە لایەک لافاو و لە لایەکیش وشکە ساڵی ڕوو دەدات و هەزاران کێشەی تری ژینگەیی لە جیهان دا پێکهات. لە ڕاستیدا ڕەوشی سروشت لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زۆرێک لە وڵاتانی تر خراپترە. چونکە لە ئێران سیستەمێکی داگیرکەر و فاشیست لەسەرکارە کە نە دەزانێت بەڕێوەبەری بکات و نە گەلانی غەیری فارسی لە لا گرینگە تا خزمەتێکیان پێ بکات و بگرە هەر چی هەشیانە تاڵانی دەکات و هەمووی بۆ ناوەندەکانی خۆی دەگوازێتەوە.

«ڕۆژ بە دوای ڕۆژ مێژووە نوێیەکەی زانستی ئێکۆلۆژی و بزووتنەوەکەی پەرە دەسەنێت. هەروەکو لە ڕاستینەی ژندا بینرا، سەبارەت بە دیاردەی ژینگەش چەندە زانست پەرە بسەنێت وشیاری پێش دەکەوێت، چەندە وشیاریش پێش بکەوێت بزووتنەوەکە پێش دەکەوێت. ژینگە بەرفراوانترین گۆڕەپانی بزاوتی کۆمەڵگای مەدەنییە. چەندە دەچێت زیاتر ریال سۆسیالیست و ئانارشیستەکان بەرەو خۆی ڕادەکێشێت. لە دۆخی بزووتنەوەیەکدا کە هەری زۆر ڕکابەرایەتی سیستەمی تێدا دەبینرێت. لەبەر ئەوەی تەواوی کۆمەڵگا پەیوەندیدار دەکات، ئەوا بەشداریکردن ماهیەتێکی سەرووتری چین و نەتەوەکانی بەدەستهێناوە. لێرەشدا دەشێت شوێنپەنجەی هەژموونگەرایی ئایدیۆلۆژیای لیبڕاڵ لە سەر بزووتنەوەکەی ببینرێت. هەر وەک سەبارەت بە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان، لیبڕالیزم لە بواری ئێکۆلۆژیشدا گەوهەری بونیادی کێشەکە نابینێ، هەوڵ دەدات تەکنۆلۆژیا، سووتەمەنی پاشماوەکان و کۆمەڵگای بەکاربردن بەرپرسیار پیشان بدات. کە چی لە ڕاستیدا تەواوی ئەم دیاردە لاوەکی و نەرێنیانە بەرهەمی سیستەمی ( بێ سیستەمی) مۆدێرنیتەی خۆیەتی. لەم سۆنگەیەوە؛ هەروەکو لە بزووتنەوەی فێمێنیستدا بینیمان، بزووتنەوەی ئێکۆلۆژیستی پێویستەیەکی زۆری بە یەکلابوونەوە و زەلالبوونی ئایدیۆلۆژی هەیە. پێویستە ڕێکخستن و چالاکیەکانی لە شەقامە تەسکەکانی شارەوە بۆ ناو سەرجەم کۆمەڵگا بگوازنەوە، بە تایبەتیش بخرێنە ناو کۆمەڵگای گوند – کشتوکاڵی ناوچە لادێییەکان. لە ڕاستیدا ئێکۆلۆژی ڕابەری چالاکی کۆمەڵگای کشتوکاڵ – گوند، تەواوی کۆچبەران، بێکاران و ژنانە.»( ڕێبەر ئاپۆ)

# گرفتی ئاو و بەنداوەکان



هەر لە سەرەتاوە کە بۆ یەکەم جار بەنداوەکان دروست کران بۆ دابین کردنی ئاوی خواردنەوە و هەروەها ئاوی پێویست بۆ کشتوکاڵ بووە. بەڵام هەر وەک پەندێکی کوردی هەیە کە دەڵێ « هەموو شتێک بە خوێ و خوێش بە مانا «، ئاو پێویستە بۆ کشتوکاڵ و خواردنەوە، وە دەبێت هەر تاکێک بە پێی پێویست بەکاری بهێنێت بەڵام بە هۆی عەقڵییەتی تاکی سیستەمی سەرمایەدار نەک بە پێی پێویست بەڵکو بە پێی گیرفانی بەکاری دەهێنێت.
ساڵانێکی درێژە کە ئەحواز لەگەڵ کێشەگەلی جۆراوجۆر دەست و پەنجە نەرم دەکات کە یەک لەوانیش گرفت و کێشەی ژینگەییە. ڕەوشی ئەمڕۆی ئەحواز کە بۆتە هۆی نارەزایەتیەکی گرسەیی زۆریش، لە ئەنجامی سیاسەتەکانی ڕژێم لەم چەند دەیەی ڕابردوو دایە. جۆرە سیاسەتێک کە بە ناوی «گەشە کردن» زەربەی وێرانکەری لە ژینگەی ئەحواز داوە. ڕووباری کارون کە گەورەترین و درێژترین و پڕئاوترین ڕووباری ناو جوگرافیای ئێرانە و لە بەرزاییەکانی چوارمەحال و بەختیاری دەست پێ دەکات و بە زۆربەی شارەکانی ئەحواز دا تێدەپەڕێت و دەڕژێتە ناو خەلیجی فارسەوە و لە ئەنجام دا تێکەڵاوی زەریای هیند دەبێت، هەر بەم هۆیەوە گرینگیەکی زۆری لە بواری بازرگانی کردنەوە هەیە. بەڵام بەهۆی ئەو هەموو بەنداوەی کە لە سەر ئەم ڕووبارە دروست کراوە و هەروەها گواستنەوەی ئاوی ئەم ڕووبارە بۆ ئیسفەهان، قوم، کرمان و یەزد، ئیترنەک تەنیا بەلەمەکان ناتوانن هات و چۆی تێدا بکەن بەڵکو کاریگەری

لە سەر ژیانی ئاسایی خەڵکیش داناوە کە بریتیە لە کەم بوونەوەی ئاوی خواردنەوە، وشک بوونی دارستان و باخ و باخات و زۆر بوونی دەشتەکان کە ئەمەش خۆی بۆتە هۆی کێشە و گرفتێکی زۆر بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە. بەدرێژایی ئەو ڕووبارە بەنداوەکانی کارونی ١، ٢ ، ٣ ، ٤، مسجد سلیمان، گتوند علیا و سد تنظیمی گتوند، دز، خرسان وبختیاری سەرەڕای زیانەکانی بۆ ئەم ناوچەیە و هەروەها ناڕەزایەتی خەڵکی ئەم ناوچەیە و چالاکانی بواری ژینگە، دروست کراون. هەروەها تاڵاوەکانی ئەحواز لە وانە هورئەلعەزیم دۆنم دۆنم بۆ دەرهێنانی نەوت لەناوچوون کە ئەمەش یەک لە هۆکارەکانی دروست بوونی ڕەشەبا لماویەکانی ئەحوازە. لەم دوو ساڵەی دوایی دا بارانێکی زۆر باری کە بوو بە هۆی هەستانی لافاو و زیانێکی زۆری بە خەڵک گەیاند. هەر چەند ڕەخنەی هەرە زۆر بۆ ئەوە بوو کە ئاوەڕۆکان باش نین بەڵام وا دیارە ئاوەڕۆکان بۆ شوێنی تر دیار کراون چونکە لافاو و بارانەکان نەیانتوانی خۆ بگەیەنن بە هورئەلعەزیم بۆ ئەوەی ئاستەنگی لە بەرامبەر نەوت دەرهێنان دا دروست نەکەن. ئەمانە و زۆر هۆکارگەلی تر بوو بووە هۆی ناڕەزایەتی خەڵک کە لە ئەنجام دا خەڵک لە دژی ئەم سیاسەتانە ڕێپێوان و خۆپێشاندانیان دەست پێ کرد کە دوای ئەوەی لاوێک بە تەقەی چەکدارانی ڕژێم گیانی بەخت کرد ناڕەزایەتیەکان گەیشتن بە لووتکە. هەر چەند ڕژێم وەک هەمیشە هەوڵی دا تا بە بەڵێن و درۆ خەڵکەکە بێدەنگ بکات بەڵام ڕووبەڕووی هەڵوێستی رادیکاڵی خەڵک بووە کە «بۆچی سەرەڕای ئەوەی خۆمان ڕووباری گەورەمان هەیە بەڵام دەبێت بپارێینەوە بۆ ئەوەی ئاومان بۆ بەردەنەوە؟»

هەر ئەم سیاسەتە قێزەونە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە ڕێوە دەچێت و هەموو ئاوی کوردستانیش دەگوازنەوە بۆ ناوەندەکانیان. بۆ نموونە لە سەر ڕووباری سیروان چەندین بەنداو دروست کراوە کە کاردانەوەیەکی یەکجار خراپی هەم بۆ خەڵک بووە و هەم بۆ ژینگەش کە هێدی هێدی دیار دەبن. لە سەر ڕووباری سیروان بەنداوەکانی داریان، ئازاد، قشلاق، گاوشان، بنێر، سلێمان شا و هەجیج لە ماوەی کەمتر لە ١٠ ساڵ دروست کراون. هەر چەندە چالاکانی بواری ژینگە و کەسانێکی زۆر لە دژی ئەم بەنداوانە ناڕەزایەتیەکی زۆریان دەربڕیوە، بەڵام دەوڵەت سەرقاڵی کاری خۆیەتی و هیچ گرینگیەک بە داخوازی خەڵک نادات. لە درووست کردنی ئەم بەنداوانە دا پڕۆپاگەندەیەکی زۆر لە لایەن هەندێک کۆمپانیاوە دەکرێت کە گوایە دەبێتە هۆی گەشە کردنی زیاتری کشتوکاڵ و ئاوێکی زیاتریان بۆ باخ و باخاتیان دەبێت. بەڵام بە پێی ئاماری گشتی لە دوای هاتنە سەر کاری ڕژێم، ڕێژەی بەنداو لێدان ٣٠٪ زیادی کردووە لە کاتێک دا ڕێژەی کشتوکاڵ تەنیا ٤٪ زیادی کردووە. ئەم ئامارە خۆی سەلمێنەری سیاسەتی هەڵەی دەوڵەت و درۆ بوونی پڕۆپاگەندەکانیانە.

بە پێی ئامار و لێکدانەوەکان لە ساڵی ١٣٩٨ دا، ١١٨٦٣ کۆمپانیا لە بەشی پیشەی پەیوەندیدار بە ئاوەوە وەک بەنداو لێدان کاریان کردووە. ئەو ئامارە سەرسووڕهێنەرە ئەوە دەسەلمێنێت کە کۆمپانیاکان قازانجێکی یەکجار زۆر لەم کارانە بەدەست دەهێنن. دیاردەی بەنداو لێدان لە هەر ناوچەیەک بە پێی سروشتەکەی دەرئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە، یانی لە ورمێ دەبێتە هۆی وشک بوونی گۆلێک و لە هەورامان دەبێتە هۆی گۆڕانی کەش و ئاو و هەوا.

عەقڵیەتی سەرمایەدار جۆرێک بەرۆکی سروشت و ئاوەکەی گرتووە کە بە هیچ شێوەیەک بەری نادات تا ئەوەی بە یەکجاری لە ناوی ببات. دەرەوەی بەنداو لێدان زۆر جاران ئاوەکان بە ئاوەڕۆی کارخانەکان ئالوودە دەکرێن کە ئەمانەش هەمووی خەسارێکی زۆر دەگەیەنن. بۆ نموونە پیس بوونی ئاوە دەبێتە هۆی جۆرەکانی شێرپەنجە لە مرۆڤەکان دا و هەروەها لە لایەکی تریشەوە کشتوکاڵ کردن بەم ئاوە ئالوودەیە بێگومان بەرهەمەکەشی ئالوودە دەبێت کە ئەوانیش دەبنە هۆی جۆرەکانی نەخۆشی. بە ساڵانە کە ئاوەڕۆی گوندەکانی دەوروبەری زرێبار دەڕژێتە ناو زرێبارەوە. سەرەڕای هەموو هەوڵدانەکانی خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دەوڵەت هیچ کارێکی بۆ ئەنجام نادات.

ئەمڕۆکە زۆرێک لە گۆل و تاڵاوەکانی ورمێ، بەختێگان، گاوخونی، پەریشان و ... لە بار و دۆخێکی قەیراناوی دان و بەرەو لە ناوچوون و وشک بوون دەچن. کە هۆکاری سەرەکیشیان دروست کردنی بەنداوی زۆر لە سەر چۆم و ڕووبارەکانە. هەرێمەکانی دەوروبەری گۆلی ورمێ لە بواری بەنداو لێدانەوە لە پلەی یەکەم ڕاوەستاون. بۆ ئەو ئاوانە کە دەڕژێنە ناو گۆلی ورمێ ١٠٦ بەنداو دیاری کراوە کە لە وانە ٥٦ دانەیان تەواو کراوە و کەڵکی لێ وەردەگیرێت و ئاوی گۆلەکە لە پشت ئەو بەنداوانە ڕاوەستاوە. هەروەها بۆ تاڵاوی ئەنزەلی ٨٢ بەنداو، گاوخونی ٦ بەنداو کە بوو بە هۆی وشک بوونیشی، بەختێگان ٣ بەنداو و لە سەر ڕووباری کارون ٢٤ بەنداو دروست کراون. بە پێی ئاماری ڕەسمی ئێران لە ئێستا دا ٦٤٨ بەنداو دروست کراون کە کەڵکیان لێ وەردەگرن و بۆ ٦٨٣ بەنداوی تریش نەخشەیان داناوە و زۆربەشیان بەرەو تەواو بوون دەچن.



# دارستانەکان

ژێرخانی هاوسەنگی ئێکۆسیستەمن



بەنداو لێدان یەک لە کار یاخود دەکرێت بڵێین دیاردە قێزەونەکانە کە لە جوگرافیای ئێران بە ڕێوەدەچێت. یەکێکی تریش لە ناو بردنی دارستانەکانە بۆ درووست کردنی خانوو و کۆشک و هەروەها دەرخستنی کانیاوەکان یا لەناو بردنیان بۆ ئامانجی سەربازی. بۆ نموونە نزیکەی ٣٥٪ باکووری ئێران کراوە بە خانوو، کۆشک و کاخ و بەو هۆیەوە لە گیلان ٢٠٪ و لە مازەندەران ٣٣٪ لە دارستانەکان لە ناوچوون بەس بۆ ئەوەی زەمینی گەشت و گوزار بۆ هەندێک کەس دابین بکرێت. ئامارێکی لەوەش سەرسووڕهێنەرتر ئەوەیە کە تەنیا ٨ کیلۆمەتر لە هێڵی قەراغ ئاو لە مازەندەران ماوەتەوە و ئەوەی تری هەموو کراوە بە شارۆچکە و خانووبەرە.

دارستانەکان یەک لە گرینگترین پێویستیەکانی ژیانن. ژێرخانی هاوسەنگی ئێکۆسیستەم و هۆکاری سەرەکین بۆ پێشگرتن لە لافاو، تێکچوونی خاک، هاوسەنگی بازنەی بارین و گەنجینە ئاویەکانن. دارستانەکان کە وەک بەردی بناغەی ژینگەن لە هەموو چاخەکان دا دوای هەر تێکچوونێک سەرلەنوێ بوژاونەتەوە، بە شێوەیەک کە ژینگەی ئەمڕۆیان بۆ ئێمە پێک هێناوە. لە هەر چاخێکی ژیان مەترسی تایبەت بەخۆی لە سەر ئێکۆسیستەم هەبووە بەڵام هیچ کاتێک وەک ئێستا توانای بوژانەوەیان لە ژینگە نەستاندووە. مەترسیەکانی کە سیستەمی سەرمایەداری بۆ ژینگەی دروست کردووە و ڕۆژبەڕۆژ ڕووی لە زیادبوونە بە شێوەیەک کە دەرفەتی قەرەبوو کردنەوە و بوژانەوەشی لێ ستاندون.

مرۆڤی سیستەمی سەرمایەدار بە عەقڵیەتی سەرمایە و سود و دەسەڵات هیچ سنوورێک ناناسێت و بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی هەموو دەستدرێژیەک لە سەر ژینگە بەڕێوەدەبات. مرۆڤی مۆدێرن هیچ پێوانێکی ئەخلاقی ڕەچاو ناکات و ئەنجامی هەر ئاکارێک لە بەرامبەر ژینگە دا ڕەوا دەبینێت.

سووتانی ژینگە و بەتایبەتی دارستانەکان دیاردەیەکی تازە نیە و یەک لە هەرەشە سروشتی و هەمیشەییەکانە کە لە بەرامبەر ژینگە بە هۆی بروسک

بێت یا گەرمای زۆر، هەبووە بەڵام ئەوەی تازەیە ئاگر خستنەوەی ژینگەیە. لە دوو دەیەی ڕابردوو سووتاندنی دارستانەکان لە جوگرافیای ئێران دا ڕەوتێکی سیستماتیکی گرتووە. ڕەوتێک کە ئەوەندە بەخێرایی بەڕێوەدەچێت کە توانای بوژانەوەشی لێ گرتووە بە شێوەیەک کە دەرفەتی هەناسەیەکی پێ نادات.
تاک و دەزگا و سیستەم دەست لە ناو دەستی یەک لە سەر ئەم بنەمایە کە مرۆڤ باشترینی مەخلوقاتە، وەک ئۆبژەیەک سەیری ژینگە دەکەن و داگیری دەکەن. دارستانەکان ڕۆژ بە دوای ڕۆژ زیاتر دەکرێن بە زەوی کشتوکاڵ، باخ و ڤێلای تاکەکەسی و هەروەها دارەکان بە شێوەیەکی سیتماتیک بۆ دابینکردنی پێویستی پیشەیی و خەلوزی قەلیانکێشان دەبڕدرێنەوە. شارسازی، لێدانی ڕێگە و بان، بەنداوەکان و هەموو بەرنامە کانی گەشەپێدان هەمووی لە خزمەتی گرووپێکی تایبەت دا ئەنجام دەدرێن و ڕووبەری دارستانەکان هەر کە دەچێت کەمتر و کەمتر دەکەنەوە. بە پێی وتەکانی چالاکێکی ژینگەیی لە ٧٠ ساڵی ڕابردوودا ٧ میلیۆن دۆنم لە دارستانەکانی زاگرۆس واتا ٦٠٪ لە ناوچوون و لە ئێستا دا تەنیا پێنج میلیۆن دۆنمی ماوەتەوە و ئەگەر هەر بەم ڕەوتە بڕواتە پێش لە ٥٠ ساڵی داهاتوودا تەواوی دارستانەکان لە ناو دەچن.
هەر ساڵێک چەندین جار دارستانەکانی مەریوان دەسووتێن تەنانەت جاری وایە دەرفەت نادەن بکوژێتەوە. ئەو هەموو ئاگرانە ناتوانێت بە هۆی ڕووداوی سروشتی بێت. ئەو هەموو ئاگرە نیشانەی ڕەوتێکی لە ناوبردنی ژینگە و دارستانەکانە کە دەستی مرۆڤی لە پشتە. ڕەوتێک کە ساڵانە هەزاران دۆنم لە دارستانەکان دەکاتە قوربانی عەقڵیەتی داگیرکەر کە لە ئەنجام دا دەبێتە هۆی لە ناوچوونی خۆشی.
ئەگەر وەک ئەوەی ئاماژەمان پێ کرد ڕێکخراوە دەوڵەتیەکان ڕۆڵێکی گەورە و بە سیستەم دەگێڕن بۆ لەناو بردنی ژینگە لە مەریوان - هەم بۆ زرێبار و هەم بۆ دارستانەکان- کەسانی هەلپەرەستیش نابێت لەبیر بکەین کە بەس بۆ پڕبوونی گیرفانی خۆیان ئامادەن بۆ لە ناوبردنی تەنانەت ئەو ژینگەیەش کە تیایدا دەژین، وەک بڕینەوە و سووتاندنی داربەڕووەکانی مەریوان بۆ دروست کردنی خەلوز . دارستانەکانی بەڕووی مەریوان زۆر کۆن و بەنرخن بەڵام کەسانێکی بێ ئەخلاق و بێ ویژدان ئامادەن تا ئەو دارانە ببڕنەوە و ئاگر بدەن بۆ ئەوەی سفرەی کەباب و قەلیان دەوڵەمەندتر و ڕەنگاوڕەنگ تر بێت.
بەڵام لە نێوان تەواوی ئەم تاڵان کردن و داگیرکردن و لەناوبردنانە کەسانێک دەردەکەون کە بیریان بهێننەوە چەندەش ژینگە منداڵی بێت کە خیانەتی لێ دەکات و بۆ گیرفانی خۆی ژینگە لە ناو دەبات، ئەوەندەش منداڵی باشی بۆ پاراستنی گەورە کردووە. کەسانێک کە مزگێنی بەردەوامی ژیانمان پێ دەدەن. کەسانێک کە بۆ مافی وەچەی داهاتوویان گیانفیدایانە شەڕ دەکەن. ژینگەپارێزانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شەهریوەری ١٣٩٧ بە پێشکەشکردنی شەهیدانیان قۆناخێکی تازەیان لە پاراستن دەست پێ کرد. قۆناخێک کە بە داگیرکەران دەسەلمێنێت کە زاگرۆس بێ پاراستن نیە. قۆناخێک کە جارێکی تر دەسەلمێنێت زاگرۆس بۆ کورد مێژوو، ئەورۆ و داهاتوویەتی.






شەهادەتی شەهیدانی ژینگە سەرەتای مێژوویەکی نوێ بوو. سەرەتایەک کە ژیانی بە شەهادەت دەست پێ کرد و مردنی کرد بە ئامرازێک بۆ مانەوە. شەهادەتی ئەم تێکۆشەرانە ورەمان بەرزتر، بڕوامان بەهێزتر و هەنگاومان قایمتر دەکات تا لە بەرامبەر شەپۆلەکانی تێک بردنی سروشتەوە بە هەموو توانامان خۆڕاگری بکەین و بە هەموو بوون و نەبونمانەوە بیانپارێزین.

دارستانەکانی زاگرۆس هەرێمێکی زۆر ستراتێژیکە بۆ ئێران چ لە بواری سیاسی دا کە هێزە کوردیەکان لەم ناوچانەدا کار و چالاکی دەکەن، چ لە بواری جوگرافیادا. داربەڕووەکانی زاگرۆس لە ماکۆوە دەست پێ دەکات و تا کرماشان و ئیلام و چوارمەحالی بەختیاری، ئەحواز، لۆڕستان و کۆهکیلویە و بویر ئەحمەد و فارس بەردەوام دەبێت. زیاتر لە ٨٠٪ عەشایر لەو هەرێمە دا دەژین، زیاتر لە ٥٠٪ ئاژەڵ و ئاژەڵدارەکان لەو هەرێمە دەژین و زیاتر لە ٤٠٪ی ئاوی ئێران لەو هەرێمەوە دابین دەکرێت.

لە ئێرانێک دا کە تەنیا ٧٪ ڕووبەرەکەی دارستانە و ئەوی تری وشک و نیوە وشکە، ئەبێت تەنانەت یەک داریش بایەخێکی زۆری هەبێت. بەڵام دەوڵەتی فاشیستی قڕکەر ئەوەندە دارەش بە خەڵکەکەوە ڕەوا نابینێت و بۆ ئامانجی سەربازی دارستانەکان لە ناو دەبات.

خەڵکی ژینگەپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵدانێکی زۆریان بۆ پاراستنی ژینگەیان کردووە – هەر چەند وەک ئاماژەشی پێ کرا کەسانی هەلپەرستیش هەن کە بۆ قازانجی خۆیان ڕوو لە بڕینەوە و سووتاندنی دارەکان دەکەن – هەر جارە و کۆمەڵێک کەس ساڵانە بە چاندنی بەڕوو لە هەڵمەتی زاگرۆسانە هەوڵ بۆ زیندووکردنەوەی دارستانەکانی زاگرۆس دەدەن. هەر چەند کە بە پێی سووتانی بێ وێنەی چەند ساڵەی دارستانەکان ڕەنگە ئەم بەڕوو چاندنەوە نەتوانێت قەرەبووی بکاتەوە بەڵام ئەگەر پێشی لێ بگیرێت و بەرنامە و پلانی درێژخایەن دابڕێژرێت دەکرێت بە ئارامی لە ڕێگای بووژاندنەوەی ژینگە دا هەنگاو بنێینەوە. چونکە زیندووکردنەوەی دارستانەکان پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە لەبەر ئەوەی یەک شەوە دروست نەبوون تا یەک شەوەش زیندوو بکرێنەوە بۆ نموونە دارێکی ٤٠ تا ٥٠ ساڵیش کە دەسووتێت بە چاندنی بەڕوویەک پێویستی بە ٤٠ تا ٥٠ ساڵ هەیە تا وەک خۆی لێ بێتەوە.

لە ئامارێک دا دەوترێت کە زیاتر لە ٤٠٠٠ دۆنم لە دارستانەکانی کۆهکیلویە و بویر ئەحمەد سووتاون. هەروەها بە پێی ئەم ئامارە کە لە لایەن چالاکانی ژینگەیی بڵاو کراوەتەوە لە ساڵێک دا زیاتر لە ١٠٠٠ هێکتار لە دارستانەکانی ئێران دەسووتێن. کە واتا ئەگەر هەر







بەم شێوە بەردەوام بێت لە کەمتر لە ٢٠ ساڵی تر شتێک بە ناوی دارستان نامێنێت.

ئاگرکەوتنەوەکان بە هەر هۆیەکەوە ڕوو بدات چ بە دەست مرۆڤ بێت یا ئەوەی سروشتی بێت دەبێت بە زووترین کات و باشترین شێوە هەوڵی کوژاندنەوەی بدرێت بەڵام دەوڵەتی ئێران سەرەڕای هەموو بانگەشەکانی کە بۆ وڵاتانی تر دەیکات هەمیشە لەو کاتانە دا لە تەپڵی خاڵی دەدات و وەک خۆیان دەڵێن « با کمبود امکانات روبرو هستند» ئەمە لە کاتێکدایە کە نەک بە هۆی ئەوەی ئیمکانات نیە بەڵکو بە هۆی ئەوەیە کە ئاگرەکان لە لایەن خۆیانەوە داگیرساون و هەوڵی لەناو بردنی دارستانەکان دەدەن، بە جێی ئەوەی هلیکۆپتەر و باڵەفڕی تایبەت ئاگر بکوژێننەوە، خەڵکی سڤیل بە ئیمکانی خۆیانەوە واتا «لقێک دار» هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکان بە هەموو هێزیانەوە دەدەن.

لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمەوە مافی کەڵک وەرگرتن لە ژینگەیەکی سالم، وەک مافێکی تازەی مرۆڤ دەناسرێت. بەڵام ئەو مافە لە ئێران نە تەنیا بە هۆی بەڕێوەبەرێتیەکی خراپەوە بەڵکو بە گوشار خستنە سەر تاک و ڕێکخراوە ژینگەیەکان بە خراپترین شێوە بن پێ دەکرێت. ژینگە لە ئێران لە بار و دۆخێکی باش دا نیە: کەم ئاوی، وشک بوونی ڕووبارەکان و گۆم و زەلکاوەکان، پیس بوونی هەوا، تێکدانی دارستانەکان و ژینگە تەنیا چەند دانە نموونە لەم بار و دۆخە خراپەیە. سیاسەتەکانی دەوڵەت نەک تەنیا زیانێکی زۆری بە ژینگە گەیاندووە بەڵکو بۆتە هۆی نا دادی ژینگەییش.

کاتێک بە ناوی گەشە پێدان پلان و پرۆژە دادەڕێژن و ئەم پرۆژانە زیان دەگەیەنن بە چینی بێدەنگتری کۆمەڵگە و ژینگەی ئەم هەرێمە، ئەو کاتە نادادی لە سەر ژینگە بەڕێوە چووە. بۆ نموونە هەموو ئەو بەنداوانە کە لە سەر گۆلی ورمێ لێدران، بوو بە هۆی کەم ئاو بوونی ئەو گۆلە و هەروەها ئەو هەرێمە و هەروەها خەڵکی ئەم هەرێمە زۆربەیان تووشی نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەناسە بوون.

ڕەنگە کەم بوونی ئاو لە گەورەترین قەیرانە ژینگەییەکانی ئێران بێت یاخود دەتوانین بڵێین ئێران لە بواری ئاو دا مایەپووچ بووە. مایە پووچ بوون یانی ڕێژەی بەکارهێنانی ئاو زیاتر بێت لەو ئاوەی کە هەیە. ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی کانیاوە خۆڕسکەکانی ژێر زەوی کە لە هەزاران ساڵ لەمەو پێش بۆمان ماوەتەوە خاڵی بن و هیچ شتێک بۆ وەچەی داهاتوو نەمێنێت کە دەرئەنجامەکەشی ڕۆچوونی خاک و زیاتر وشک بوونی دەشتاییەکانە. بەڵام ئەوە هەمووی مەسەلەکە نیە لەو کاتانەش کە ڕێکخراوە مەدەنیەکان و چالاکانی ژینگەیی خۆیان بڕیار دەدەن بۆ ئەوەی هەنگاو بۆ پاراستنی ژینگە بنێنەوە، ڕووبەڕووی سەرکوت و دەستبەسەر کردن دەبنەوە. لە بەرامبەر بە مافی ژینگەیەکی پارێزراو و تەندروست کە نەک تەنیا بۆ هاوڵاتیانی ئێستایە بەڵکو بۆ وەچەی داهاتووشە، سیاسەتی حکومەتی داگیرکەری ئێران ڕەچاو نەکردنی ژینگە و سەرکوتی دەنگی نارازیە.

بە پێی ئەسڵی ٥٠ یاسای بنەڕەتی ئێران هیچ دام و دەزگا و ڕێکخراوێک بۆی نیە ژینگە تێک بدات، واتا هەر تێک بردنێکی ژینگە و کانیاوەکان نایاساییە. بەڵام سیستەمی ڕژیمی داگیرکەری ئێران بە شێوەیەکە ،کە خۆی زۆرترین زیان بە ژینگە دەگەیەنێت و بە هۆی ئەوەی هیچ ڕێکخراوێک نیە کە چاودێری

کارەکانیان بکات یان ئەتوانین بڵێین هیچ چاودێریەک نیە لە سەر دام و دەزگا نیزامیەکان و هەروەها دەزگای دادیش، چونکە جگە لە هەندێک ڕێکخراوی سڤیل و مەدەنی کە خەڵک خۆیان دایانمەزراندووە و زۆربەیان خۆبەخشانە کاریان تێدا دەکەن هەموو دام و دەزگاکانی تر گرێدراوی خۆیانن. ئەم دام و دەزگایانە لە بنەڕەت دا هیچ مافێک بۆ سروشت و ژینگە دانانێن هەر وەک چۆن هیچ مافێکی مرۆڤ ڕەچاو ناکەن. بە پێی ئەوەی لە ٤٣ ساڵی ڕابردوو دا بینیومانە بە تایبەتی لە دارستانەکانی زاگرۆس و هیرکانی باکووری ئێران، جێ دەستی هێزە سەربازیەکان و لایەنەکانی تری دەوڵەتی تێدا دیارە. کاتێک دەزگایەکی سەربازی بە ناوی هەر جۆرە چالاکیەکی سەربازی بێت، یا ئەوەی بنکەی لێ دابنێن، یا هەر کارێکی تر، کاتێک هیچ چاودێریەکی ژینگەیی لە سەر نەبێت تەنانەت دەزگاکانی سەرو خۆیان واتا دەوڵەت یا ولایەتی فەقیهیش هیچ بەرپرسیاریتیەکیان نابێت، ئەمە لە کاتێک دایە کە بە پێی یاسای بنەڕەتی کە خۆشیان دایانناوە دەبێت وەڵامدەر بن و بەرپرسیار.

ڕێژەی زۆری ئاگر کەوتنەوەکان لە هەرێمەکانی دالاهۆ و زاگرۆس سەلمێنەری ئەوەیە کە ئاگرەکان بە ئەنقەست دەکرێنەوە. سپای پاسداران و هێزە هەرێمیەکانی گرێدراوی ئەوان لەم هەرێمانە بۆ پێشگیری لە هاتن و هەروەها کار و خەباتی هێزە کوردیەکان لەم هەرێمانە دارستانەکان لە ناو دەبەن. لە ئەنجام دا کێشەی ئەساسی ئەوەیە کە زۆرترین خەساری ژینگە لە ڕێگای دام و دەزگای دەوڵەت بە ئامانجی سەربازی و سیاسی ئەنجام دەدرێت.



ژن

# ژینگە هەردوکیان گراون بە ئامانج



پێویستە لەبیری نەکەین کە ئەڵقەکانی ژینگە لە میانەی گەشە و پەرەسەندنێکی ملیۆنان ساڵەوە پێکهاتوون. بە گشتی وێرانکاریەکانی پێنج هەزار ساڵەی ئەم دواییە، بە تایبەتیش هی ئەم دووسەدساڵەی دوایی، لەم ماوە زەمەنییە کورتەدا بەهەزاران ئەڵقەی پەرەسەندنی ملیۆنان ساڵیان پچڕاندووە. مرۆڤ پەرچەکرداری شکاندنی ئەڵقەکانی دەست پێ کردووە، بەڵام نازانێت چۆن دەوەستێنرێت. ئەو پیس بوونەی زیاد بوونی رادەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و گازەکانی دیکە لە ئەتمۆسفەر دا خوڵقاندوویانە، وەک پێشبینی دەکرێت بەم دۆخەی ئێستای سەدساڵ تەنانەت هەزار ساڵیش پاک نابێتەوە. لەوانەیە وێرانکاریەکانی جیهانی ڕووەک و ئاژەڵان هێشتا ئەنجامەکانی تەواو بەدەر نەکەوتوون. بە هۆی پیس بوونی دەریا و ڕووبارەکان، چۆڵەوانی و وشکەهەڵاتنی خاک بە سنوورەکانی کارەسات گەیشتووە. تەواوی نیشانەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە بەم دۆخ و ئاراستەی ئێستاوە، قیامەت لە ئاکامی ناهاوسەنگی سروشتی ڕوو نادات، بەڵکو بە دەستی گروپێکەوە کۆمەڵگای تێدەئاخنرێت کە بە شێوەی چەند تۆڕێک خۆیان ڕێکخستووە. هەڵبەت سروشتیش وەڵامی ئەم ڕووداوانە دەداتەوە. چونکە ئەویش زیندوو و خاوەن ژیرییە. چونکە توانا و هێزەکانی بەرگەگرتنی سنوری خۆیان هەیە. لە کات و شوێنی خۆیدا بەرخۆدانی خۆی پیشان دەدات. بەڵام کاتێک شوێن و کاتی وەڵامدانەوەی هات سەیری فرمێسکەکانی مرۆڤ ناکات. چونکە هەموویان بەرپرسیارن بەرامبەر بەو خیانەتەی لەو بەها و بەهرەیان کردووە کە پێشکەشیان کراوە

**ڕیبەر ئاپۆ – سۆسیۆلۆژیای ئازادی**

ڕێژەی تێکچوونی ژینگە لە ئێران لەم چەند دەیەی ڕابردوو یەکجار زۆر بەرز بۆتەوە. وا دیار دەبێت کە بەردەوامی ئەم ڕەوتە خەساری زۆر لە هەموو بوارێکەوە بگەیێنی کە قەرەبوو کردنەوەی ئەگەر بکرێت، خەرجیەکی یەکجار زۆر و درێژخایەنی پێویستە. پیس بوونی ئاو و هەوا، وشکی ڕووبار و گۆل و زەلکاوەکان، تەواو بوونی گەنجینە ئاویەکانی ژێر زەوی، لە ناوچوونی دارستانەکان و شینکاییەکان، وشک بوونی خاک و زیاد بوونی دەشتەکان، لە ناو چوونی جۆرەکانی گژ و گیا و تەنانەت ئاژەڵەکان تەنیا بەشێک لە قەیرانەکانی ژینگەیی لە ئێرانن. ئەگەر گەرم بوونی زەوی، تێکچوونی چینی ئۆزۆن، گازە گوڵخانەییەکان، گۆڕانی ئاستی دەریاکانیش کە قەیرانی جیهانین و هەموو وڵاتەکان دەگرێتەوە لە سەر زیاد بکەین، ئاوا ئاستی کارەساتەکە بەرزتر دەبێتەوە.

بە کاڵابوون» هۆکاری زۆرێک لە قەیرانە جیهانیەکانە. لەم ڕەوتە دا هەموو شتێک بایەخی ئابووری پەیدا دەکات و بە ئامانجی فرۆشتن و» بە دەست خستنی سودەوە دەکەوێتە بازنەی کڕین و فرۆشتنەوە. ئەم عەقڵیەتە تەواوی کۆمەڵگە داگیر دەکات و بایەخی هەر شتێک بە پێی ئەو سودەی کە دەیبێت دیار دەکرێت.

بیر و هزری ڕێبەر ئاپۆ لە کاتێک دا دەرکەوت کە لوایاتان یاخود لیبرالیسم هەموو جیهانی قووت دابوو. ئاسەواری حاشا هەڵنەگری لەناوبردنی سروشت، ئەخلاق، سەلامەتی ڕۆحی و دەروونی توانای شەڕ و چالاکی لە هەر ئازادیخوازێک گرتبوو. بەڵام بە دەرکەوتنی هزری ئۆجەلان و خوێندنەوەی نوێی بۆ ژن و سروشت و مێژوو قۆناخێکی تازە بۆ ئازادیخوازان و بە تایبەتی ژنان دەستی پێ کرد. ژنانی کورد جارێکی تر بەخۆیاندا هاتنەوە و هەوڵی ستاندنەوە و ئاوەدان کردنەوەی جیهانێکیان دا کە هەزاران ساڵە لە دەستیان دەرهێناون.

پێشکەوتن و گەشەکردن بۆ هەر کۆمەڵگایەک پێویستە بەڵام دەبێت لەگەڵ سروشت گونجاو بێت. لەبەر ئەوەی ئامێزی دایکان یەکەمین مەکتەبی منداڵانە کە تێیدا فێری باشی و خراپی دەبن، کەوابێ لە جێی خۆیدایە کە بڵێین ژنان دەتوانن پێش لەم هەڵسوکەوت و بیرکردنەوانە کە ژینگەیان لەناو بردووە بگرن. ڕەنگە یەکەم جار وا دیار بێت کە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگە هیچ پەیوەندیەکی بە ڕەگەزەوە نیە و وا دیار بێت کە کاریگەری لە سەر ژنان و پیاوان وەک یەکە بەڵام بە لێکۆڵینەوەی باش دەردەکەوێت کە پەیوەندی نێوان ژنان و ژینگە زۆر بە هێزترە چونکە ژنان زیاتر پەرۆشی ئاکامی ژینگەکەیانن.

دەوڵەتان بە عەقڵیەتی ڕەگەزپارێزیانەوە خۆیان باش ئاگاداری ئەم پەیوەندیەی نێوان ژن و ژینگە و بە تەواوەتی سروشتن. هەر بۆیە چی لە بەرامبەر سروشت بکات هەمان شتیش لە بەرامبەر ژن دەکات و پێچەوانەکەشی هەر دروستە. هەر وەک لەم ساڵانەی دوایی و بە تایبەتی لە ساڵی ٢٠٢١ دا بینیمان لە ئێران هێرشێکی هاوکات لە سەر ژن و ژینگە بە ڕێوە دەچوو. چەندی ژینگە سووتێنرا ئەوەندە ژن کوژران، چەندی ژینگە وشک بوو ئەوەندە ژن سەربڕدرا و چەندی ئاوی ژینگەیان هەڵلوشی هەر ئەوەندەش خوێنی ژنانیان خواردەوە.

هەمووومان بۆ پاراستنی ژینگەمان بەرپرسیارین. پاراستنی ژینگە پێویستی بە هاوکاری تاک بە تاکی کۆمەڵگا ژن و پیاو ، منداڵ و پیر هەیە. چونکە ژینگەی ئەوڕۆمان بۆ ئێمە و وەچەی داهاتوشە بۆیە دەبێت گەشە کردنێکی گونجاو لەگەڵ سروشت بە بنەما بگیرێت و پێویستی ئەم گەشە کردنانەش پەروەردەیەک لە سەر بنەمای ئێکۆلۆژیە. هەر وەک باسی لێکرا ژنان دەتوانن ڕۆڵێکی گرینگیان لە پاراستنی ژینگە و باش بە کارهێنانی کانیاوەکان هەبێت. بەڵام ڕۆڵیان لە ڕەوتی بڕیاردان دا زۆر دیار نیە. کە ئەویش دەکرێت بە پەروەردەیەک لە سەر بنەمای ئێکۆلۆژی و ئازادی ژن چارەسەر بکرێت.

هەر چەند گرفت و کێشەکانی کە مرۆڤ بۆ سروشتی دروست کردووە ئەوەندە زۆرن کە ناکرێت لە چەند لاپەڕە دا بگونجێندرێت بەڵام ئێمە وەک کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی کژار هەوڵمان دا تا لەم نامیلکەیە دا هەر چەند کورتیش بێت باس لە کاولکاریەکانی کە لە سەر ژینگە بەڕیوەچووە بکەین، تا بتوانێت چروسکێک بێت لە مێشکی کاولکاران و هەروەها هاندەری زیاتری کۆمەڵگا بە تایبەتی ژنان بێت بۆ دەست بەکار بوونیان لە بەرامبەر تەواوی ئەو هێرشانەی کە لە سەر ژنان و سروشت پێک دێت. هەر چەند کە لە ساڵانی دوایی دا ڕەنگیان زیاتر بووە و بە هاتنی ژنان بۆ گۆڕەپانی بڕیاردان لە سەر سروشت و بینینی پەروەردەی پێویست و بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زانستی ژینگەیی دەتوانرێت ڕۆڵیان لەوەی کە هەیە زۆر زیاتر و بەرچاوتر و هەروەها زۆر بە کاریگەرتر بێت.



هەر وەک کە باسمان لێ کرد و کەمپینێک کە لە لایەن کۆمەڵگای ژنانی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – کژار دیار کراوە پرسی لەناو بردنی سروشت و کوشتنی ژنان گرێدراو بە یەکن و هاوکات بەیەکەوە لە لایەن قرکەرانەوە بە ڕێوەدەچێت. ئێمەش هەر بەم ئامانجە هەوڵ دەدەین لە داهاتوو دا لە بەردەوامی ئەم نامیلکەیە ئامارێک لە کوشتنی ژنان لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ساڵانەی دوایی دا و هاوکات ڕێگە و ڕێبازی بەرەنگار بونەوە لەگەڵ ئەم دیاردە قێزەونە پێشکەش بکەین. بە هیوای ئەوەی کۆمەڵگا بە تایبەتی ژنان و گەنجان بگەن بە ئاستێک لە هۆشیاری و هەستی بەرپرسیارێتی کە ساڵ بە ساڵ ئەم ئامارانە کەمتر و کەمتر بینەوە.

# XWEZA


ئەرکی من بۆ پاراستنی ژینگەکەم چیە ؟
هەموومان لە بەرامبەر پاراستنی ژینگەمان دا بەرپرسیارین
#ژینگەی_من
KJAR